ژوری توێژینەوەی سیاسی
بزوتنەوەی گۆڕان

# ئاکام و دەرهاویشتە ئابورییەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆم

ئەنوەر کەریم



ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان– گۆشەی ئابوری
Tel: 009647481505010
Email: research.gorran@gmail.com

ئابی ٢٠١٧

# ئاكام و دەرهاویشتە ئابورییەکانی ئەنجامدانی ریفراندۆم

**ئامادەکردنی**
**ئەنوەر کەریم**

**ژوری توێژینەوەی سیاسی بزوتنەوەی گۆڕان– گۆشەی ئابوری**
**Tel: 009647481505010**
**Email: research.gorran@gmail.com**
**ئابی ٢٠١٧**

## پێڕست

پێشەکی ........ ٢
یەکەم: سەربەخۆیی ئابوری ........ ٤
دوەم: کێشەکانی داهاتی تاکو هێڵی هەژاری ........ ٥
سێیەم: پەیوەندی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندا ........ ٦
چوارەم: ریفراندۆم لە ناوچە دابڕێنراوەکاندا ........ ٦
پێنجەم: گەشەسەندنی دانیشتوان و دروست کردنی هەلی کار ........ ٨
شەشەم: تەندروستی ........ ٩
حەوتەم: ئاو و سەرچاوە ئاویەکان ........ ١٠
هەشتەم: پەروەردە ........ ١٢
نۆیەم: کشتوکاڵ ........ ١٢
دەیەم: نەوت و غاز ........ ١٣
یازدەیەم: داهاتو پارەی یەدەگ ........ ١٣
دوانزەهەم: سیستەمی بانکی کوردستان ........ ١٤
سیازدەهەم: بونیادنانی هێزی سەربازی ........ ١٦
دەرەنجام ........ ١٨
سەرچاوەکان ........ ١٩

## پێشەکی

پەیوەندی سیاسەتو ئابوری پەیوەندیەکی دانەبڕوای ئاڵۆزە، بەمانایەکی تر حکومکردنو ئیدارەدانی وڵات بەبێ لەبەرچاوگرنتی ڕەهەندی ئابوری نوقسان دەبێت. گرنگی دۆسیەی ئابوری لە دۆخی جیابونەوە لە دەوڵەت یان لکاندنی دوو دەوڵەت بەیەکەوە زەقتردەبێتەوە. بۆنمونە: بابەتی ئابوری زۆرترین قسەی لەسەرکرا لە پرسی ریفراندۆمی سکۆتلەندیەکان. بەهەمان شێوە، لە پێشترو ئێستاش، دۆخی ئابوری شانشینی یەکگرتو (بەریتانیا)، گرنگترین بابەتی دانوستانو گفتوگۆی هاوڵاتیانی شانشینی یەکگرتوە لە مەسەلەی دەرچونی ئەم وڵاتە لە یەکێتی ئەوروپا. ئایا بانگەشەکارانی ڕیفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥، تاچەند بابەتی ئابوریان بەلاوە گرنگەو دیراسەیانکردوە؟ ئایا لە حاڵەتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەم بەروارەدا، دۆخی ئابوریو بژێوی هاوڵاتیان پاش ئەو بەروارە وەک ئێستا خراپ دەبێت، باشتردەبێت یان خراپتردەبێت؟ لێرەوە تەماشاکردنی پرسی ریفراندۆم وەک پرسێکی سیاسی و یاسایی بەتەنها، گەورەترین هەڵەی بانگەشەکارانی ریفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥ یە. بڕیاری (ئابوری سەربەخۆ)، لەلایەن حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە لە ساڵی ٢٠١٤و سەربەخۆ فرۆشتنی نەوت بەبێ گەڕانەوە بۆ حکومەتی ناوەند، ئایا لەماوەی سێ ساڵی ڕابردودا، سیاسەتێکی ئابوری سەرکەوتومان لە ڕوی ئابوریەوە بەرێکرد یان بەپێچەوانەوە دۆخی بژێوی هاوڵاتیانو موچەی فەرمانبەران خراپتربوە؟ ژیانی ڕۆژانەی هاوڵاتیانو دۆخی بازاڕ، فەشەلی ئابوری سەربەخۆمان بۆ ڕوندەکەنەوە. ئێمە لەم لێکۆڵێنەوەیەدا، هەوڵدەدەین بە دیاریکراوی تیشک بخەینە سەر گرفتە سەرەکیەکانی لایەنی ئابوری پەیوەست بە پرسی ریفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥. بەحکومی ئەوەی ئابوریو دۆخی دارایی فرە ڕەهەندو ئاڵۆزە، هەوڵمانداوە زۆربەی لایەنەکانی گرفتەئابوریەکانی پرسی ڕیفراندۆمی ٢٠١٧/٩/٢٥ بخەینەڕو. لەتەوەرەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا، گرفتە هەنوکەییەکانی ئێستای حکومەتی هەرێم لە بواری ئابوریو بژێوی هاوڵاتیان بەو گرفتانەی تریشەوە کەلەحاڵەتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمدا روبەڕومان دەبنەوە تیشکیان خراوەتەسەر. ئێمە زۆر دڵنیاین بڕیاردان لە ئەنجامدانی ریفراندۆم لە کۆبونەوەی بەشێک لە حیزبەکان لە ٢٠١٧/٦/٧ بەبێ هیچ دیراسەیەکی جدی بوە لە بوارەکانی ئابوری، دیبۆماسی، پەیوەندی هەرێمو ناوەند، ناوچە

دابڕێنراوەکان، یاساییو تەنانەت ناوخۆییش. بۆ نمونە لەحاڵەتی ئەنجامدانی ڕیفراندۆم لەو بەروارە دیاریکراوەدا، ئەگەری لەدەستچونی بەشێکی زۆری ناوچە دابرێنراوەکان، ئەگەرێکی بەهێزە. ئەم بابەتەمان لە توێژینەوەیەکی تردا بەدرێژی باسکردوە. هیوادارین بەبێ هەڵچونو کاردانەوە بەرامبەر بەم بەڵگەو داتاو ڕاستیانەی کەلەم لێکۆڵینەوەیەدا هاتون، بەدوای چارەسەری ڕاستیدا بگەڕێین کە دواخستنی ریفراندۆمە تاوەکو زەمینە لەباردەبێت.

د. محەمەد عەلی

رێکخەری ژوری توێژینەوەی سیاسی

## یەکەم: سەربەخۆیی ئابوری

هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠١٤ وە بە شێوەیەک لە شێوەکان لە ڕووی ئابورییەوە سەربەخۆ بووە. بەڵام لێرەدا پرسیارێک دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە ئایا لە ئەزمونی ئەم ٣ ساڵەی رابردووی هەرێمی کوردستاندا (٢٠١٤ تا ٢٠١٧)، حکومەتی هەرێم سەرکەوتو بوە لە ئیدارەدانی ئابوریدا یاخود نا؟

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، دێین باس لە بەرهەمی ئەو سێ ساڵەی سەربەخۆی ئابوری هەرێمی کوردستان دەکەین:

١. لە ڕۆژی ٢٠١٦/١١/٧ ئاشتی هەورامی وەزیری سامانە سروشتییەکان لە دیداری (میری) رایگەیاند "هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٢٠ ملیار دۆلار قەرزارە، بە هۆی پاشەکەوتی موچەی فەرمانبەرانەوە ئێستا ئەو ژمارەیە زیادی کردوە".
٢. لەو بەروارەوە تا ئێستا (٥) هەزار پڕۆژە وەستاوە بە پێی ئاماری یەکێتی وەبەرهێنان، پێویستمان بە (٥) ملیار دۆلار هەیە بۆ تەواو کردنی ئەو پڕۆژانە.
٣. لەو بەرواروەوە تا ئێستا ٣٥٠٠ کارگە داخراوە.
٤. لەو بەرواروەوە تا ئێستا ١٠٠٠ کۆمپانیا مایە پوچ بوون، کە ٨٥٠ کۆمپانیایان لە سنوری سلێمانیدا کارو چالاکی و پرۆژەسازیان ئەنجامداوە.
٥. لەو بەرواروەوە تا ئێستا ٣٥٠ هەزار کەس کارەکانیان لەدەست داوە.
٦. دوای ئەو بەرواره موچەی پلە باڵاکان و فەرمانبەران کرایە چارەک و نیو موچە، بەم جۆرەش لە کاتی خۆیدا نادرێت.
٧. هەقی تێچوی کۆمپانیا نەوتیەکان لەکاتی خۆیدا نادرێت.
٨. حکومەت توشی ئیفلیجی بوە بە تەواویی، تەنها دوو ئۆفیسی سەرەکی کارایە ئەویش؛ هێزە چەکدارەکان و دەزگای باج و گومرگ کەپارە کۆدەکەنەوە بۆ حکومەت.
٩. گەندەڵی و ناشەفافی و خزم خزمێنەو هەڤاڵ هەڤاڵێنەی حزبی بەردەوامی هەیە.
١٠. کێشەی دانا گاز بەردەوامە و چاوەڕێ دەکرێت گەورەتر ببێت. بەنمونە هەتا کاتی ئامادەکردنی ئەم بابەتە، قەرزی دانا گاز لەسەر هەرێمی کوردستان گەیشتوەتە ٢ ملیارو سی و پێنج ملیۆن دۆلاری ئەمریکی، لە ئێستاشدا دانا گاز

داخوازییەکی دیکەی پێشکەش بە دادگای واشنتۆن دی سی کردووە بۆ مانگی ئەیلولی ٢٠١٧، تیایدا داوای ٢٦ ملیارو نیو دەکات وەک کۆی قەرەبوی هەموو زیانەکانی دانا گاز لە هەرێمی کوردستان.

١١. کۆمپانیای کار دەستی گرتوە بەسەر داهاتی نەوتی کەرکوکدا.

١٢. تەلەفۆن و هێڵی ئینتەرنێت دەستی گیراوە بەسەردا لەلایەن کۆمپانیاکانی یەکێتی و پارتیەوە.

**دووەم: کێشەکانی داهاتی تاکو هێڵی هەژاری**

داهاتی تاک لە هەرێمی کوردستان بەردەوام لەدابەزیندایەو لە ئێستادا داهاتی تاک هاتووەتە سەر ١١٠ هەزار دیناری عێراقی لەمانگێکدا. بەم جۆرەش هەرێمی کوردستان بە گشتی بەرەو هێڵی هەژاری دەروات کە بەپێی بانکی نێودەوڵەتی 1.90$ کەواتە ئەگەر وورد ببینەوە لەم داهاتە دەبینین هەرێمی کوردستان بە شێوەیەکی گشتی لە دەوری هێڵی هەژاریدا دەژین. ئەمە لەسایەی ئابوری سەربەخۆی هەرێمەوە. بەپێی راپۆرتی وەزارەتی پلاندانان. بەشی ئامار لە روپێوێکیدا کردویەتی کە ٥٦٠٠ خێزان بە شداریان تیا کردوە لە ٣٢ قەزای هەرێمی کوردستان دا ئەنجام دراوە لە ٢٣-٤-٢٠١٦ بڵاوبووەتەوە زیاتر لە٥٠% دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەتوانن لە رۆژێکدا تەنها ٢ ژەم خواردن دابین بکەن بۆ خۆیان بە پێی رو پێوەکە لە ٣٨.٥% دانیشتوانی هەرێمی کوردستان دەتوانن ٣ ژەم خۆراک بۆ خۆیان دابین بکەن، ئەگەر سەیری هەرێمی کوردستان بکەین داهاتی تاک کە ١١٠ هەزار دینارە، کەواتە ئەگەر ستاندەری بانکی نێودەوڵەتی وەربگرین، ئەوا دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بە گشتی لە دەوری هێڵی هەژاری دەژین، بەم جۆرە:

١.٩٠X١٢٠٠ =٢٢٨٠ستاندەری بانکی نێو دەوڵەتی بە دیناری عیراقی

١١٠.٠٠٠ ÷ ٣٠=٣.٦٦٦ داهاتی تاک بە دیناری عێراقی بۆ ١ رۆژ.

٣٦٦٦-٢٢٨٠=١.٣٨٦ دیناری عێراقی جیاواز لە هێڵی هەژاری.

**سێیەم: پەیوەندی هەرێم لەگەڵ حکومەتی ناوەندا**

لە ئەگەری ئەنجامدانی پرۆسەی ریفراندۆمدا بێگومان بەتەواوی دابڕان دروست دەبێت لەنێوان هەرێم و ناوەندا. بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا حکومەتی هەرێم لە توانایدا هەیە ئیدارە و موچەی ئەو دامەزراوانە بدات کە مانگانە بودجەو موچەیان لە بەغدادەوە بۆ دێت رۆژانە لە هەرێمی کوردستان کاروباری هاوڵاتیان رادەپەرێنن، وەک ئەم دامەزراوەنەی خوارەوە؛

١. موچەی ٢ لیوای پاسەوانی سەرۆک کۆماری عێراق.
٢. موچەی پاسەوانی سنوری هەرێمی کوردستان.
٣. موچەی ڕەگەزنامەو باری شارستانی.
٤. مووچەی نشینگەو پاسپۆرت.
٥. موچەی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردن.
٦. وەستاندنی کارکردن بە کۆبونی خۆراک، کە ئەمەش دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی خواردن و شمەک. بەتەواوی خەڵکی هەرێم دەکەونە ژێر هێڵی هەژاریەوە لەکاتی بڕینی بەشە خۆراکدا.
٧. بڕی دەرمانی کوردستان کە دابەزیوە بۆ لە٢٥% ئەمەش ببڕدرێت، بارودۆخی کەرتی تەندروستی هەرێم زۆر لەمەی ئێستا خراپتر دەبێت.
٨. گەنمی جوتیاران ئەو کاتە عێراق نایکڕێتەوە، هەرچەندە بە بڕیارێکی سیاسی کەم بۆتەوە بۆ نزیکی لە١٧%.

**چوارەم: ریفراندۆم لە ناوچە دابڕێنراوەکاندا**

بێگومان پرۆسەی ریفراندۆم لەئەگەری ئەنجامدانیدا دەبێت ناوچە کوردستانییە دابڕێندراوەکانیش بگرێتەوە، بەڵام پرسیار لێرەدا ئەوەیە کە ئایا پارتی و یەکێتی نیەتی ئەوەیان هەیە یاخود دەیانەوێت ریفراندۆم لەم ناوچانەدا ئەنجام بدەن، ئایا لە ڕوی ئابوریەوە ئامادەباشیان بۆ کردوە:

بەپێی ئامارەکان ژمارەی دانیشتوانی ناوچە دابڕاوەکان (٣) ملیۆن کەسە. کەواتە پێویستە بودجەی هەرێمی کوردستان بە بڕی لە ٥٣% زیاد بکات.

ئاشتی هەورامی لە "دیداری میری"دا رایگەیاند هەرێمی کوردستان پێویستی بە (١.٩٠٠.٠٠٠.٠٠٠.٠٠٠) یەک  تریلیۆن و ٩٠٠ ملیار دیناری عێراقیە بۆ بەڕێوەبردنی هەرێم. کەواتە دەکاتەبڕی ٥٣% بودجە = ١.٠٠٧.٠٠٠.٠٠٠.٠٠٠ یەک تریلیۆن و ٧ ملیار دیناری عێراقیە بۆ ناوچە دابڕاوەکان؛ کەواتە بودجەی پێویست بۆ هەموو هەرێمی کوردستان؛

١.٩٠٠.٠٠٠٠٠٠٠٠٠+ ١.٠٠٧.٠٠٠٠٠٠٠٠٠= ٢.٩٠٧.٠٠٠٠٠٠٠٠٠ تریلیۆن و ٩٠٧ ملیار دیناری عێراقیە، نێچیرڤان بارزانی رایگەیاند کە داهاتی هەرێمی کوردستان لەو کاتەی لەلایەن خۆپیشاندەرانەوە داوا دەکرا هەرێم بگەڕێتەوە سەر بەغداد ووتی داهات ١.٠٢٠.٠٠٠٠٠٠٠٠٠تریلێۆن و ٢٠ ملیار دینارە. هەرچەندە ئەو داهاتە هەرگیز خەرج نەکراوە بۆ خەڵکی کوردستان و زۆر ناشەفاف بوە.

کەواتە کورتهێنانی بودجەی ١ مانگ بۆ هەموو هەرێم؛ ٢.٩٠٧.٠٠٠٠٠٠٠٠٠- ١.٠٢٠.٠٠٠٠٠٠٠٠٠=    ١.٨٨٧.٠٠٠٠٠٠٠٠٠تریلیۆن ٨٨٧ ملیارد ینار.

بەم جۆرەش کورتهێنانی بودجە  هەرێم بۆ ١ ساڵ= ١٢ x ١.٨٨٧.٠٠٠٠٠٠٠٠٠ = ٢٢.٦٤٤.٠٠٠٠٠٠٠٠٠، ٢٢ تریلیۆن ٦٤٤ملیار دیناری عێراقی. ئایا حکومەت دەتوانێت پێمان بڵێت  ئەم پارەیە لە کوێ دەهێنێت؟

بۆیە سەر باری ئەوەی ناوچە دابڕاوەکان پێویستیان بەم پێداویستیانە هەیە؛

١. ئەم ناوچانە پێویستیان بە کردنەوەی دەیان قوتابخانە هەیە.
٢. پێویستیان بە کردنەوەی دەیان نەخۆشخانە هەیە.
٣. پێویستیان بە کردنەوەی دەیان پڕۆژەی خزمەتگوزاری تر هەیە.
٤. پێویستیان بە کردنەوەی دەیان دەزگای حکومی تر هەیە.
٥. ڕەخساندنی هەلی کار بۆ ئەو ناوچانە.
٦. دامەزراندنی هێزی ئاسایشی ناوخۆ.
٧. دامەزراندنی هێزی پێشمەرگەو  پڕ چەککردنیان
٨.  بوژانەوەی کشتوکاڵ لەو ناوچانەدا پێویستی بە بودجە هەیە.

**پێنجەم: گەشەسەندنی دانیشتوان و دروست کردنی هەلی کار**

بەپێی زانیارییەکانی کەناڵی ڕوداو ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ٥.٦٠٠٠٠٠ بۆ دروست کردنی هەلی کار بۆ ئەوەی گەشەی ئابوری بەردەوام بێت پێویستە؛

١. رەخساندنی هەلی کار بۆ ئەو کەسانەی کاریان پێویستە.
٢. رەخساندنی هەلی کار بۆ ئەوەی گەشەی ئابوری بەردەوام بێت، دەبێت هەلی کار لە هەموو سێکتەرەکاندا وەک سێکتەری نەوت، پەروەردەو سێکتەری گەشتوگوزار، کشتوکاڵ. دەبێت هەلی کار ئەوەندە هەبێت هەتا شتومەک هەرزان تر بێت و کاڵا زیاتر بێت بۆ ئەوەی ستاندەری ژیان باش و چاک بێت. چونکە جیهانگیری و دیمۆگرافی و پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا زۆر بە خێرایی گەشە دەکات و دەگۆڕێت و درێژی تەمەنی مرۆڤیش کاریگەری خۆی دەبێت.

ئەگەر شیکاری وورد بۆ ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بکەین بەبێ ناوچە دابڕاوەکان کە ژمارەی ٥.٦٠٠٠٠٠ کەسە. بە پێی یاسای؛

(گەشەکردنی دانیشتوان پێویستە یەکسان بێت بە رەخساندنی هەلی کار)

ئەگەر گەشەی = POPULATION GROWTH = EMPLOYMENT GROWTH دانیشتوانی هەرێمی کوردستان بەڕێژەی ٢% زیاد بکات کەواتە هەرێمی کوردستان ساڵانە؛ پێویستی بە ٥٦٠٠٠X٢=١١٢٠٠٠ هەلی کار هەیە کە دروست بکرێت. کەواتە بۆ ١مانگ = ٩٣٣٣، ئایا هەرێمی کوردستان لە ئێستادا هیچ هەلی کارێک دەڕەخسێنێت و توانای ئەنجامدانی وەها کارێکی دەبێت؟

ئەگەر ناوچەدابراوەکانی بخینەسەر بزانین پێویستمان بە چەند هەلی کار دەبێت ژمارەی دانیشتوانی ناو چە دابراوەکان ٣.٠٠٠٠٠٠ کەسە ئەگەر ژمارەی دانیشتوان بە ڕێژەی ٢% زیاد بکات کەواتە پێویستیمان بە٣٠٠٠٠x٢=٦٠٠٠٠ هەلی کارە بۆ ١ ساڵ واتە بۆ ١ مانگ = ٥٠٠٠ هەلی کار؛ کەواتە؛ ٩٣٣٣+ ٥٠٠٠= ١٤٣٣٣ هەلی کار بۆ هەرێمی کوردستان لە ١ مانگدا، ئایا بەم دۆخە ئابوریەی هەرێمی کوردستانی پیا تێدەپەڕێت ئەمە مەحاڵە نییە بۆ دروست کردنی هەلی کار؟.

لە ئێستادا ئەگەر سەیری ڕیژەی بێ کاری بکەین نزیکەی ٢٠% ژمارەی دانیشتوانی هەرێم پێک دەهێنێت بێ ناوچە دابراوەکان.

بەپێی ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان بێ ناوچە دابڕاوەکان:

لەساڵی ٢٠٠٧-٢٠١٢= حکومەتی هەرێم ٣٢.٣٠٠ کاری ڕەخساندوە بۆ هەموو ١ ساڵێک.

٢٠٠٧-٢٠١٢ = کەرتی تایبەت ٣١.٩٠٠ کاری رەخساندوە بۆ هەموو ١ ساڵێک.

٢٠١٢-٢٠١٤= حکومەتی هەرێم ١٧٠٠٠ کاری رەخساندوە بۆ هەموو ١ ساڵێک.

٢٠١٢-٢٠١٤ = کەرتی تایبەت ١٣٠٠٠ کاری لەدەست داوە واتە کرێکاری دەرکردوە لە ١ ساڵدا.

لە دوای ساڵی ٢٠١٤ کە بودجەی عێراق دەبڕێت دەزانین چ کارەساتێک ڕووی داوە. بۆیە ئەگەر بەم ئابوریە داڕوخاوەوە ناوچە دابڕاوەکان بهێننەوە سەر هەرێمی کوردستان ئەو کاتە خەڵکی ناوچە دابراوەکان ژیان و گوزەرانیان زۆربەرەو خراپتر دەڕوات.

**شەشەم: تەندروستی**

دەسەڵاتدارانی تەندروستی لە هەرێمی کوردستان کەرتی تەندروستیان هاوشیوەی کەرتەکانی دیکە دوچاری دەیان کێشەو قەیرانی رۆژانە کردوەتەوە، ئێستا لەناو کەرتی تەندروستیدا سەرجەم پشکنینە تەندروستییەکان کراون بە پارەو جیاوازیەکی کەمی هەیە لەگەڵ بازاڕدا، هاوکات نەشتەرگەرییەکان لەناو نەخۆشخانەکاندا سەرجەمیان کراون بە پارەو دەرمانی کوالێتی بەرز زۆر بە کەمی لە نەخۆشخانە گشتییەکاندا بەردەستە، بۆیە بە ناچاری دەبێت لە دەرەوەی دەرمانخانەی نەخۆشخانە گشتییەکان بکڕدرێت، ئەمەش بوە بە بارێکی گران بەسەر هاولاتیانەوە. کەرەستەو ئامێرە پزیشکییەکان کە دوچاری تێکچون هاتن چاک ناکرێنەوەو ئامێری تازە ناهێدنرێت بۆ نەخۆشخانەکانی هەرێم. لەسەرو هەموو ئەمانەشەوە کارمەندانی کەرتی تەندروستی موچەی مانگانەکانیان دوادەکەوێت. کەواتە لە هەرێمی کوردستاندا کەرتی تەندروستی دۆخی زۆر خراپە ئەو بودجەیەی بۆ تەرخاندەکرێت

زۆر کەمە  لە چاو وڵاتانی تری دنیادا، ئەوە جگە لەوەی لە ئێستاشدا بۆ چەند ساڵێک دەروا بودجەی هەرێم نابرێتە نێو پەرلەمانی کوردستان، هەر بەو هۆیەش نازاندرێت ئەوە بڕە بودجەیە بەتەواوی  چەندە کە بۆ ئەم کەرتە تەرخانکراوە.

ئەوەی گرنگە  لێرەدا بەرپرسە گەورەکانی پارتی و یەکێتی کە دەستیان گرتوە بەسەر بازاڕی دەرماندا ئەو کەسانە زۆر بەگەرمی بانگەواز دەکەن  بۆ ریفراندۆم چونکە لەکاتی جیابونەوەدا عێراق ئەو بڕە دەرمانەش دەبڕێت، بازرگانی ئەو بەرپرسانە گەرم  دەبێت  دەتوانن  بەئارەزوی  خۆیان  نرخ لەسەر دەرمانەکانیان دابنێن.

لەئێستادا هەرێمی کوردستان بڕی لە ٢٥% دەرمانی لە عێراقەوە بۆ دێت، ئەگەر ریفراندۆم بکرێت   واتە بڕی ئەو دەرمانە دەبڕێت و ناوچە دابراوەکانیش تووشی هەمان کێشە دەبن کە خەڵکی کوردستانی تێدایەو دوای ئەوە حکومەتی هەرێم پێویستی بە؛

١. بودجەی زیاتری دەوێت بۆ کڕینی دەرمان بۆ ناوچە دابڕاوەکان.
٢. کەرەستەی تەندروستی زیاتر پێویست دەبێت، ئەمەش لە توانای حکومەتدا نیە.
٣. ناردنی کادرو کردنەوەی راهێنان بۆ کارمەندی تەندروستی.

**حەوتەم: ئاو و سەرچاوە ئاویەکان**

بەشێوەیەکی گشتی سەرچاوە ئاوییەکان بریتین لە ١- باران ٢- ڕووبارەکان ٣- چەمەکان بە هەردوو جۆریەوە هەمیشەیی و وەرزییەوە ٤- ئاوی ژێر زەوی ٥- کانی و کارێزەکان.

بەپێی ڕاپۆرتی وەزارەتی پلاندانان/ دەستەی ئامار سەرچاوەی دابین کردنی ئاو بۆ ٣ پارێزگاکەی هەرێم بریتیە لە ئاوی ئیفراز لە هەولێر سەرچاوەکەی زێێ گەورەیە، ئاوی بەنداوی دوکان کە سەرچاوەی سەرەکی زێی بچوکە، ئاوی بە نداوی موسڵ بۆ دهۆک و دەوروبەری شارەکانیش  زیاتر پشت بە پڕۆژەی بچوک و ئاوی بیر دەبەستن بە شێوەیەکی گشتی  لە ٦٩% دانیشتوانی هەرێم لە رێگای پڕۆژەکانەوە ئاویان بۆ دابین دەکرێت، ٣٠.٧% پشت بە ئاوی  ژێر زەوی دەبەستن لە ٠.٢٥%ی پشت دەبەستن  بە کۆمەڵگای  ئاوی  کە بە هۆی یەکەی بچوکەوە دەبێت.

کێشەکان لە کوێ سەر هەڵدەدەن؟؛ سەرەتا کوردستان بەرامبەر ٢ مەترسیە:

١. کاریگەرییە سروشتیەکان هەر لە کەم بوونەوەی باران و بەرزبونەوەی پلەی گەرما ئەمەش کاریگەری هەیە لەسەر بڕی هەموو سەرچاوە ئاوییەکان. لە بەهارو زستاندا کێشەی ئاو نیە و زیاترە لە پێویست، بەڵام لە هاوین و پایزدا بەردەوام کێشەی کەم ئاوی هەڵدەداتەوە.
٢. کاریگەرییە سیاسیەکان ئەویش لە دەوڵەتانی دراوسێوە. کە رۆژ بەڕۆژ هەوڵ دەدەن زیاتر دەست بەسەر ئەو ڕوبارانەدا بگرن کە دێنە ناو هەرێمی کوردستانەوە بە تایبەتی ئێران کە هیچ پابەند نیە بەیاساو ڕێسای نێو دەوڵەتی.

بڕی ئاوی زێی گەورە ساڵانە کە دێتە کوردستان نزیکەی ١٤ ملیار م٣. زێی بچوک نزیکەی ٧ ملیار م٣ رووباری سیروان نزیکەی ٧ ملیار م٣ کۆی گشتی. بێجگە لە سەرچاوەی ئاوی بەفرو باران.

بە پێی ڕێکخراویWHO لە عێراق ئێستادا مرۆڤی عێراقی ساڵانە ٧٥٠ م٣ ئاوی شیرینی پێدەگات لە ساڵی ٢٠٢٥ ئەم بڕە کەم دەبێتەوە بۆ ٤٥٠ م٣ بۆیە دەردەکەوێت هەرێمی کوردستان توشی کێشەی بێ ئاوی دەبێت. بۆ پەیداکردنی ئاوی شیرین لە ئاوی سوێرەوە بۆ هەر ١ م٣ بڕی نیو دۆلاری ئەمریکی تێدەچێت.

٣- لەبەر ئەوەی هەرێمی کوردستان نەوت و گاز بەرهەم دەهێنێت پێویستی بەئاوێکی زۆر هەیە بۆ بەرهەمهینانی ئەو سەرچاوە سروشتیانە .

پێشکەوتنی ژیانی مرۆڤایەتی کە ئەمەش پێویستی زیاتری بە ئاو هەیە هەر لە ژیانی تاک و کشتوکاڵ و پیشەسازی... هتد.

زۆر بوونی ژمارەی دانیشتوان یەکێکە لە هۆکارە سەرەکیەکانی دروستبونی کێشەی ئاو، بۆیە هەرێمی کوردستان پێویستی بە دروست کردنی زۆرترین بەنداو هەیە ئەگەر ریفراندۆم بکات و جیابێتەوە بەم هەموو شکستەوە کە توشی ئابوریەکەی بوە دەتوانێت کێشەی ئاو دابین بکات. یان زیاتر کێشەکان قوڵتر و گەورەترو مەترسیدار دەبێت و وە هەروەها ئەگەر کۆماری ئیسلامی ئێران سەرچاوەی ئاوی گرتوە ئەوکاتە هەرێمی کوردستان توشی بێ ئاویەکی زۆر دەبێت.

**هەشتەم: پەروەردە**

هەموو دەزانین دۆخی قوتابخانەکان و ژمارەی مامۆستایان و کۆنی بیناکانی قوتانخانەکانی هەرێمی کوردستان لە چ بارێکدایە، بە پێی ڕاپۆرتی بانکی نێودەوڵەتی بۆ هەرێمی کوردستان لە دەیەی داهاتودا لە نێوان ٦٩٠٠٠-١١٠٠٠٠ ساڵانە قوتابی تازە ناو نووس دەکرێن لە قۆناغی سەرەتایدا تەنها لە هەرێمدا بێجگە لەناوچە دابراوەکاندا، لەکاتی ریفراندۆم و جیابونەوەدا ئەم هەموو قوتابخانەو مامۆستاو پەیداکردنیان پێویستی بە بودجەیەکی زۆرە بەم هەموو شکستەوە حکومەت خەڵکی کوردستان لەمە زیاتر توشی نەهامەتی دەکات.

**نۆیەم: کشتوکاڵ**

لەساڵی ٢٠١٦ دا هەرێمی کوردستان ٧١٠٠٠ رەشە وولاخی هاوردە کردوە

١٢٢٠٠٠ تەن تەماتە هاوردە کراوە بۆ هەرێمی کوردستان.

٨٠٠٠٠ تەن پیاز هاوردە کراوە بۆ هەرێمی کوردستان.

٣٥٠٠٠ تەن گڵۆبەرۆژە هاوردە کراوە بۆ هەرێمی کوردستان.

هەرێمی کوردستان تەنها

٢٦ تەن خوری مەڕی هەناردە کردوە

٦٢ تەن ڕیخۆڵەی هەناردە کردوە

٢٥٦٠٠ تەن پێستەی حەیوانی هەناردە کردوە.....

ئەمەیە دۆخی کشتوکاڵی هەرێم و ئاسایشی خۆراکی، لەکاتی ریفراندۆم و جیا بوونەوەدا خەڵکی کوردستان دەتوانن بەم شێوەیە ئیدارەی ژیانیان بکەن و حکومەت دەتوانێ پێداویستی و داخوازییەکانی ناوخۆ بەم جۆرە سیاسەتە پڕ بکاتەوە؟

## دەیەم: نەوت و غاز

هەرێمی کوردستان بۆ دابینکردنی سەرچاوەی داهات تەنها پشت بەیەک سەرچاوە نەبەستێت، وەک ئەوەی لە ئێستادا تەنها پشتی بە سەرچاوەکانی وزە بەستتوە ، هەر وەک چۆن ناشبێت تەنها ڕێگەی هەناردەکردنی وزەی بۆ وڵاتی تورکیادا بێت، بۆ نمونە لەکاتی هەڵکردنی ئاڵای کوردستان لە کەرکوک کاردانەوەی تورکیا راوەستانی هەنارده کردنی نەوتی کوردستان بوو لەرێگەی تورکیاوە بۆ دەرەوە. بۆیە ئەگەر ریفراندۆم بەو دۆخەی ئێستاوە ئەنجام بدرێت و تورکیا هێڵەکە رابگرێت ئایا خەڵکی هەرێم بەرگەی قەیرانی زیاتر دەگرن؟.

بۆیە دەبێت حکومەتی هەرێم کار لەسەر دروستکردنی ڕێگەی نوێی گواستنەوەی نەوت و گاز بکات، بەبۆچونی ئێمە باشترین ڕێگە کوردستانی ڕۆژئاوایەکە کورتترین ڕێگەیە بۆسەر دەریای سپی ناوەڕاست و لەڕوی سیاسییەشەوە کەمتر لە مەترسیدا دەبێت بەراورد بە ڕێگاکانی تورکیاو ئێران.

## یازدەیەم: داهاتو پارەی یەدەگ

ئایا حکومەتی هەرێم هیچ پارەو داهاتێکی یەدەگی ئامادەیە بۆ قۆناغی پاش ریفراندۆم؟ حکومەتی هەرێم نەک هەر داهاتی یەدەگی نیە، بەڵکو بەدان پیانانی خۆیان، ئەم حکومەتە ٢٠ ملیار دۆلار قەرزارەو ئەم قەرزەش هەر لە گەورەبووندایە. هیچ نوخبەیەکی سیاسی بەرپرسو لێهاتوو هەیە موجازەفە بە ژیانی هاوڵاتیانی خۆیەوە بکات؟

پێویستە حکومەتی هەرێم لە رووی جیۆپۆڵەتیکەوە ئامادەباشی هەبێت، ئەگەر دەوڵەتەکانی دراوسێی هەرێم کێشەی بۆ دروست بکەن، بۆیە پێویستە یەدەکی پارەی زۆری هەبێت دیارە بۆ دروست کردنی دەوڵەت یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی بوونی دراوی دەوڵەتەکەیە، کەواتە پێویستە حکومەت پێش راگەیاندنی دەوڵەت لە بانکی ناوەندی هەرێمدا دەبێت پارەی یەدەکی هەبێت بۆ ئەوەی ببێت بە پاڵپشت بۆ هێزی دراوی تازە چاپکراو؛ بوونی یەدەگی دراو دەبێت هەموو کاتێک هەبێت لە بانکی ناوەندیدا، بۆ نمونە لەسەرەتای شەری داعشەوە ئەگەر حکومەتی عێراق پارەی

یەدەگی (دۆلارو ئاڵتون)ی نەبوایە لە بانکی ناوەندی بەغداد بەتایبەتی لەو کاتەی نرخی نەوت دابەزی بەتەواوی نرخی ١٠٠ دۆلار بەرزدەبوەوە بۆ نزیکی ٢٠٠.٠٠٠ هەزار دیناری عێراقی. چونکە بەردەوام حکومەتی عێراق دۆلاری دەخستە بازاڕەوە بۆ ئەوەی بەهای دیناری عێراقی ڕابگرێت... کەواتە پێویستە:

١. بوونی ئاڵتونێکی زۆر لە بانکی ناوەندی هەرێم دا.
٢. بوونی دەیان ملیار دۆلاری ئەمریکی لە بانکی ناوەندی هەرێم دا.
٣. ئابوری هەرێم بە شێوەیەکی بەرچاو گەشە بکات.
٤. داهاتی تاک باش بێت بەردەوام بە هیوای بەرەو بەرزبوونەوە بڕوات.

بۆیە بەهای پارەی کوردستان زۆر لاواز دەبێت، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی نرخی هاوردەکردن زۆر گران بکەوێت، چونکە بەداخەوە هەرێمی کوردستان زۆربەی بەرهەمەکان هاوردە دەکات، ئەمەش دەبێتە هۆی هەڵئاوسانێکی زۆرو هۆی بێکاریەکی بەرفراوان هەرچەندە ژمارەی بێکاری گەیشتووەتە نزیکەی ٢٠%، ئەوەی لێرەدا گرنگە ئەوەیە ئابوری هەرێم بە شێوەیەکی بەر چاو لە کرژبون و ئیفلیجی دایە بۆیە ئەم حکومەتە لە بەر گەندەڵی و خزم خزمێنە تووشی ئەم کارەساتە بووە کەواتە ئەم حکومەتە توانای پشت بەستنی بەخۆ نیە.

**دوانزەهەم: سیستەمی بانکی کوردستان**

هەرچەندە هەرێمی کوردستان ٤٩ بانکی تێدایە کە لەوانە ٤٣ بانکی کەرتی تایبەتەو ٦ بانکی حکومەت خاوەنیەتی. بەڵام لەگەڵ ئەو ژمارە زۆرەی بانکدا کۆی ئەو قەرزەی کە بانکەکان داویانە بە کەرتی گشتی ٢% کۆی گشتی داهاتی بەرهەمی ناوخۆ بوە بۆ ساڵی ٢٠١٥ و پێشبینی ئەوە دەکرێت کە ئێستا زۆر کەمتر بۆتەوە لە ٢% چونکە بانک بە تەواوی پەکی کەوتوە لە کاتێکدا کە لە وڵاتانی ناوچەکە دا زۆر زیاترە. بانکەکان کاری سەرەکی خۆیان ناکەن کە قەرزدانە بە کەرتی تایبەت بۆ ئەوەی هەلی کار دروست بکرێت و ئابوری گەشە بکات، یان قەرزی درێژ خایەن بۆ پڕۆژەی ستراتیجی. لە ساڵی ٢٠١٥ لە کۆی سەرمایەی بانکەکان تەنها ٦% سەرمایەکە خراوەتە بواری کارەوە، واتە بەشە هەرە گەورەکەی ئەو سەرمایەیە بەبێ کارو بێ قازانج بوە.

بانکەکانی هەرێم لە ئێستاشدا دوچاری قەیرانێکی  قورسی بێ پارەی بوونەو هیچ سەرچاوەیەکی دارایی نیە کە بتوانێت پارە بکاتەوە ناو بانکەکان. زۆربەی بانکەکان قەدەغەیان کردوە کە  ئەو  بەشداربووانەی بانکەکان کە حسابیان هەیە ناتوانن پارەکانیان ڕابکێشنەوە. زۆربەی بانکەکان ئاسانکاریان بۆ نەکراوەکە کەبتوانن ئاڵوگۆڕی بازرگانی بکەن لە ناو هەرێمدا یان لەگەڵ بانکەکانی تری عێراق دا. بانکەکان بەکردار وەستاون لەقەرزدان بەکەرتی تایبەت و هاوڵاتیان،  ناتوانن نامەی دڵنیایی بۆ بازرگانەکان و کەرتی تایبەت بنووسن. لە ئێستادا تەنها بانکی نێو دەوڵەتی کوردستان کارایە کە بانکێکی کەرتی تایبەتەو نزیکە لەسەرۆک وەزیرانی هەرێم. سەیرەکە لەوەدایە داهاتی نەوت کە دەگەڕێتەوە لەتورکیاوە دەچێتە ئەم بانکەوە لە گۆڕینی بۆ دیناری عێراقی پارەیەکی یەکجار زۆر قازانج دەکات، ئەمەش ڕێگای لە کێبڕکێ کردن گرتوە بەبێ ئەوەی بتوانن چەند بانکێکی تر بەشداری بکەن لەو قازانجەدا و بە هەرزانتر بگۆڕێتەوەو هاوڵاتیان سوودمەندی زیاتر بن.

بۆ نموونە لە گۆڕینەوەیەکی بچوکی پارەی بەڵێندەران لە بانکی نێودەوڵەتی کوردستاندا کە بەنوسراوێکی فەرمی ژمارە٣٣٦٦ لە ٢٠-٣-٢٠١٧ کە سەربە وەزارەتی دارایی و ئابوری هەرێمی کوردستان کە بڕی ١٠ ملیۆن دۆلاری ئەمریکی کەبە ١٢٠٠ دیناری عێراقی کە لەو مانگەدا بە هیچ شێوەیەک دیناری عێراقی پاشەکشەی نەکردوە بۆ ١٢٠٠ دینار، بەڵکو کە (ئەرستۆ محمد) ئەندامی ئەنجومەنی بازاڕی دۆلارەکەی سلێمانی دەڵێت لەسەروو ١٢٢٥.٨٠٠ بوە بەمەش لە سەروو ٥٨٠ ملیۆن دیناری عێراقی قازانج بە بانکی کوردستان گەیاندوە تەنها لەو بڕە پارە کەمەدا. کەواتە بانکەکانیش قۆرخ کراوە بەتەواوی لەلایەن دەسەڵاتدارانی هەرێمەوە وەک داهاتەکانی تر . کەواتە چۆن دەتوانین کوردستان ئاوەدان بکرێتەوە و بازرگانی گەشە بکات کە فاکتەری سەرەکی بانکە ئەمەش قۆرخ کرابێت لەلایەن بەر پرسانەوە، کەواتە لە پرسی ریفراندۆمدا  ئەم هەموو کێشانە هەبێت بە چارەسەر نەکراوی ئەگەر سەیری ئەم خاڵانەی سەرەوە بکەین هیچی لە هەرێمدا بوونی نیە.

**سیازدەهەم: بونیادنانی هێزی سەربازی**

بۆ دامەزراندنی دەوڵەت دەبێت پێش ئەوەی هێزێکی نیزامی باش ئامادە کرابێت بۆ پاراستنی ئەو دەوڵەتە ئەم هێزە نیزامیە دەبێت ژیان و گوزەرانی بەتەواوەتی دابین کرابێت، پێویستە راهێنانی باشیان پێکرابێت و پڕ چەک کرابن بە پێشکەوتوترین چەکی تازە، بەلایەنی کەمەوە پێویستە؛

١. دەستبەرکردنی موچەی گونجاو بۆ هێزی پێشمەرگە بە هەموو پلەیەکی جیاوازەوەوە.
٢. دابین کردنی بیمەی تەندروستی.
٣. دابین کردنی یەکەی نیشتەجێ بۆ خێزانی پێشمەرگە.
٤. بەخشین لە باج و هەموو ڕسوماتێک لەبەر ئەوەی پێسمەرگە باجەکەی بە خوێن دەدات.

بۆ دامەزراندنی هێزی نیزامی سوپای کوردستان پیویستمان بە (١.٥- ٢ %) ژمارەی دانیشتوانە و لە حاڵەتی شەردا دەگاتە نزیکەی ٣%. لەبەر ئەوەی سوپای نیزامی هێزێکی وەبەرهێنەر نیە تەنها دەزگایەکی بەکاربەرە بۆیە دەبێت بودجەیەکی باشی وڵات هەبێت بۆ ئەوەی بتوانیت سوپایەکی پێشکەوتووت هەبێت.

لە بونیادنانی هێزی وشکانی پێویستمان بە بودجەیەکی زەبەلاح دەبێت، ئەگەر نمونەی بودجەی ساڵانەی تەنها یەک فیرقە بهێنینەوەو فیرقەی (٤)ی عێراق وەربگرین؛

١. موچەی ساڵانەی داگاتە ١٥ ملیار دیناری عێراقی.
٢. بودجەی پرچەک کردنی فیرقە٣٠-٤٠ ملیار دیناری عێراقی پێویستە.
٣. بودجەی سوتەمەنی ساڵانە پێویستی بە نزیکەی ١ ملیار دیناری عێراقی هەیە.
٤. خواردەمەنی تەنها یەک سەرباز ١٣٣ هەزار دیناری عێراقیە بۆ یەک مانگ.

بۆ دامەزراندنی هێزی ئاسمانی سوپای کوردستان کە ئەم هێزە زۆرترین کاریگەری هەیە بۆ سەرکەوتنی جەنگەکان بۆیە پیویستی بە بودجەیەکی زۆر هەیە بۆ دامەزراندنی ئەم هێزە؛

١. دامەزراندنی چەند فرۆکەخانەیەکی سەربازی.
٢. کڕینی چەندین فرۆکەی شەڕکەر و بۆمب هاوێژو و بارهەڵگر.
٣. چەندین فرۆکەوان و ئەندازیارو کادری هونەری.
٤. دامەزراندنی سیستەمی راداڕی پێشکەوتوو.

## دەرەنجام

لەم لیکۆڵینەوەیەدا هەوڵماندا گرنگی بابەتی ئابوری لەمەسەلەی پرسی ریفراندۆمدا بخەینەڕو. ئەو گرفتانەی حکومەتی هەرێم لە مەلەفی ئابوریو داراییدا هەیەتی، هاوکات دۆخی بژێوی هاوڵاتیانو بازار یارمەتیدەدەرو ئامادەنین بۆ ئەنجامدانی ریفراندۆمی ٢٠١٧/٠٩/٢٥. وەک لە ژمارەو زانیاریەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەشدا هاتوە، ئەنجامدانی ریفراندۆم لەو بەروارەدا، نەک کێشە ئابوریو داراییەکانی هەرێمی کوردستان چارەسەرناکات، بەڵکو دەیان کێشەو گرفتی تری ئابوری دروستدەبن کە چارەسەرکردنیان ئەستەمە. لێکەوتە خراپەکانی ئابوری ئەوەنیە کە گەشەی ئابوری هەرێم (کەنیەتی!) خاودەبێتەوە، بەڵکو خزمەتگوزاریە سەرەتاییەکانی وەک دەرمانو ئاوو کشتوکاڵو خواردن....هتد دەکەونە بەرهەڕەشەی لەناوچونو نەمان. هاوکات مەترسیەکانی تێکچونی سەفەرو هاوتوچۆو پەراوێزخستنی هەرێم لە هەمو رووەکانەوە، ئەگەرێکی بەهێزە. ئێمە پێمانوایە مەسەلەی یاریکردن بە چارەنوسی ئەم هەرێمەوە لە پێناو بەرژەوەندی حیزبیو شەخسیدا، نەک کارێکی سیاسیو عەقلانی نیە، بەڵکو کارێکی نا ئەخلاقیشە. چونکە مەترسی نەمانی خۆراكو دەرمانو پێداویستیەسەرەکیەکانی تری هاوڵاتیان، مەسەلەی مەرگو ژیانی میلەتێکە. ئایا کەسێک یان حیزبێک یان نوخبەیەکی سیاسی ئامادەیە تەحەمولی کارەساتە مرۆییەکانی ریفراندۆمی ٢٠١٧/٠٩/٢٥ لە ئەستۆ بگرێت؟ یان بەپێچەوانەوە ئەزمونی هەڵهاتنی ١٩٤٦ی کۆماری مەهابادو ئاشبەتاڵی ١٩٧٥و ڕاکردنو جێهێشتنی بەتەنیای شەنگال لە ٢٠١٤ دوبارە دەکاتەوە..؟! بابەتی جیابونەوەو ریفراندۆم بابەتێکی فرە رەهەندو ئاڵۆزەو ناکرێت هێزێکی سیاسی بە مەرامو پلانێکی نەتەوەییانەی ساختەوەو بەزمانی سۆزو هەڵچونەوە بەکاری بهێنێت بۆ سەپاندنی ئەجێنداکانی خۆی. پێگەی هەرەبەهێزی هەر پرۆژەیەکی سەربەخۆیی ئابوریەو نائامادەگی هەرێم لەم ڕووەوەو زۆر ڕونەو قابیلی شاردنەوە نیە. بازدان بەسەر گرفتە ئابوریەکانی هەرێمو نەبینینی ئەو هەموو گرفتە ئابوریانەی لە دەرەنجامی ریفراندۆمی ناوبراوەوە دەکەونەوە، بڕیارێکی زۆر نادروستەو ناپەرپرسانەیە. هیوادارین خستنەڕوی گرفتە ئابوریەکانی هەرێم پەیوەست بە ریفراندۆم، زەنگێکی ئاگادارکردنەوەبێت بۆ بانگەشەکارانی ریفراندۆمی ٢٠١٧/٠٩/٢٥و سودێکی هەبێت.

## سەرچاوەکان


١. عەمید روکن ئارێز ئەنوەر مەحمود، پرۆژەی ڕێکخستن و گەشەپێدانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەیلولی ٢٠١٥، (بڵاو نەکراوەتەوە).

٢. کامەران وریا قانع، ئاو و نەهامەتییەکانی دوارۆژ (١)، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://archive.sbeiy.com/article_detail.aspx?ArticleID=6384&AuthorID=1083

٣. کامەران وریا قانع، ئاو و نەهامەتییەکانی دوارۆژ (٢)، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://archive.sbeiy.com/article_detail.aspx?ArticleID=6410&AuthorID=1083

٤. سبەی، سێ ساڵە چۆن خەڵک برسی و هەژار دەکەن، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.sbeiy.com/Article-40009

٥. بەرنامەی شیکاری، سەربەخۆیی کوردستان لەنێوان دروشم و پراکتیکدا، کەناڵی ئاسمانی کەی ئێن ئێن، پێگەی ئەلیکترۆنی؛
http://www.knnc.net/Programme-Detail.aspx?TypeID=50&bernameID=15194

6. **World Bank, Kurdistan Region of Iraq Performing the Economy for Share Prosperity and Protecting the Vulnerable, at the site;**
https://openknowledge.worldbank.org/bitstream/handle/10986/24706/Main0report.pdf?sequence=1&isAllowed=y

7. **Federal Reserve Bank Of Atlanta, Employment Growth and Labor Force Participation: How Many Jobs Are Enough? , at the site;**
https://www.frbatlanta.org/-/media/documents/filelegacydocs/HOTCHKISSfinal.pdf